# لەسەردەمی صدامەوە لە ژێر ناوی"الله اكبر"ی ئالای عێراقداو تا ئیستا هەزارەها تاوان كراوە، دەبوایە" الله اكبر "هەمووی لابرایە نەك ڕەنگەكەی بگۆردرایە!

**سامان كەریم**
zaryak@yahoo.com

ئاڵا: دەكرێت نیشانەو هێمایەك بێت بۆ ناسینەوەو جیاكردنەوە وەكو زۆربەی كۆمپانیاو كارتلو شەریكاتی نیونەتەوەییەكان بەكاریدەهێنن، ماركەیەكی تایبەتە، بۆ ناسینەوەی ماركەیە. زۆر شاریش ئالای جیای خۆی هەیە، هەموو نادییەكی تۆپی پێ ئالای خۆیان هەیە... بەلام ئالای وولاتان ئالای جیاكرنەوەی ئینسانە لەسەر بناغەی نەتەوە، ئالای وولاتان ماركەیە بۆ سنورو جیاكردنەوەی ئینسانەكانە بەپێی شوناسنامەی نەتەوە، بۆیە كۆنەپەرستانەیە.

بەلاّم با كەمیك واز بهێنن لەم بوارە , بێینە سەر باریكی سیاسی كە ئێستا لە پەیوەند بە ئالای عێراقەوە دەگوزەرێ. سەركردایەتی بزوتنەوەی كوردایەتیو بە دیاریكراوی سەرۆكی هەرێم زۆر پێداگری دەكات لەسەر گۆرینی ئالای عیراق و ئیستا پێدەچێت رەنگی الله كبریان بۆ گۆریبێت لە سەوزەوە بۆ زەرد.. مەعلوم نیە بۆچی سەرۆكی هەریمو سەركردایەتی هەردوو حزب بەم رەنگە رازی بن مەگەر ئەوەی بلّیین زەرد پارتیە، ئەگەر نا ناوەرۆك هەر ناوەرۆكەو بەگۆڕینی ڕەنگی الله اكبر هیچ ناگۆرێت... بەتایبەت لەسایەی هەمان ئالای الله ئەكبریدا هەزارەها تاوان كراوە دەرحەق بە خەلكی عیراقو كوردستان لە كاتی صدامدا مەگەر ئاوارەیی خەلّك لە ژێر هەمان ناوی خوادا نەبوو، مەگەر داگیركردنی هەولێر لە ژێر هەمان ناوی خوادا نەبوو، مەگەر سەركوتی ڕاپەرین لە ژێر هەمان ناودا نەبوو.. ئەوكات صدام بەحوكمی فەشەلو شكستی ناسیونالیزمی عەرەبو دەسەلاتەكەی لەعیراقدا ناچار بوو ئاوانسێك بدات بە ئیسلامی سیاسی لەلایەكو لە لایەكی دیكەوە بۆ توندكردنەوەی سەركوت بوو بەسەر كۆمەلانی خەلكی عیراقەوە كە ئەو "الە اكبرە"ی خستە سەر ئالاكەی. ئێستاش كە ئیسلامی سیاسی شیعی دەسەلاتدارە، هەزارەها تاوانی تر لە سایەی ئەم خوا گەورەیە ڕوویداوە. دا هەزارەها تاوانی دیكە لەسەر دەستی ئیسلامی سیاسی شیعی و سونی دا كراوە هەزارەها كەسی بێتاوان كوژراون تەنها لەبەرئەوەی سوننی یان شیعی بوون، هەزارەها ژن لە خوێن هەلّكێشراون لەبەرئەوەی كە چونە سەركار یان لەزانكۆ بون یان پۆشاكێكی مەدەنییان پۆشیوە، دەیان دوكانی مەشروب فرشتن تەقێنراوتەوە چەندین سینەما سوتێنراوە، سەدان كاری تیرۆریستی ئەنجامدراوە لەسایەی ئەم "الله اكبر"ەدا. جیگای خۆی نەبوو كە رابەرانی بزوتنەوەی كوردایەتی بۆیەكجار بە هەستێكی سیاسی– ئینسانیەوە سەرنجیان بدایتە ئەم ئالوگۆرە. بەلام ناسیونالیزمی كورد وەك ناسیونالیزمی عەرەب خوێنی تیكەل بوە لەگەل ئیسلامدا تواناى خۆ جیاكردنەوەی نیە لێی ئەمەش دەردێكی كوشندەیەتیو نیشانەی دواكەوتونو بەجێمانیەتی تەنانەت بە بەراوركردن لەگەل ناسیونالیزمی فارسو توركدا....

سەرۆكی هەرێم جێگای خۆی بوو خواستی لابردنی گشت ئالاكەی بەرزكردایەتەوە بە الله ئەكبریشەوە ئەوكات لەپشتیوانەی خەلكی ئازادیخوازو پیشكەوتوخوازی كوردستانو عێراقو ناوچەكەش بەهرەمەند دەبوو سەبارەت بەم مەسەلەیە. 2008/1/14